# دایـــــــــــــــــــــه



لومه دەروێش

پێشکەش بە (دایکم)

**لە هەموو ڕۆژانێکی تەم دا، تۆ خۆرێکی کتووپڕ بوویت**
**لە هەموو شەوێکی تار دا، تۆ مانگێکی یەک شەوە بوویت،**
**دایکێک بوویت، تەمەنی گەنجیی خۆت بەخشییە ئێمە**
**شەمێک بوویت ڕووناکییت بۆ ژێر خۆت نەبوو**
**ئاخر بۆیە هەتاوەکوو ئێستا تەنها ناوی تۆ هەوار و جێمە،**
**هیچ شتێک شک نابەم لە تۆ پیرۆزتر**
**هیچ خودایەک ناناسم لە تۆ میهرەبانتر،**
**تۆ یەکەم خودا بوویت، کە ناسیمیت**
**تۆ ئایین و تۆ باوەڕی ژینمیت،**
**ئەوەی هەمە ناوی تۆیە لەسەر زارم**
**ئاخر بۆیە ڕێگای هیچ مزگەوت و کەعبەیەک پێنازانم،**
**ئەوەی دەیپەرستم تۆیت**
**مزگەوت و نوێژم بۆچییە**
**تۆم بەسە بۆ پەرستن، ئەم دڵەم جێگای هیچ خودایەکی تری تێدا نییە،**

12.05.2007

**دانیمارک**